# تاڵێك لەتەزووی بەهێزی بزووتنەوەی شانۆیی لەڕانیە

بەشی دووەم

کاوە بچکۆڵ

گەر شانۆ ژیان بێ، ئەوا ئەرکی شانۆکاران چی یە لەسەر ئەرزی واقع؟ مرۆڤ سروشتی ئەو شوێنە وەردەگرێت کە تیایدا نەش ونما دەکات، بەواتایەکی تر لاسایی ئەو دەوروبەرە دەکاتەوە کەلە منداڵدانی ئەو ژینگەیەدا لەدایك دەبێ. بۆیە ئەرکی شانۆکاران لاسای لاسایی کردنەوە نیە، بەڵکو گۆڕینیەتی. گۆڕینی هەناسەکانی مرۆڤە بۆژیانێکی‌تر. بۆی ژیان بەهەموو زۆران بازیەکانی لەگەڵ ئەو سروشتەی تیایدا دەژی، لەگەڵ ئەو مەرگەی ڕوو بەڕووی دەبێتەوە. ژیان بەهەموو نسکۆو هەوڵەکانی، ژیان بەگشت دیاردە دزێ وناشیرنەکانی، ژیان بەو عیشق وخۆشەویستیە پاکەی کەجوانی ونەمری بەبەر مانەوەی مرۆڤدا دەکات، ژیان بەگشت بەها بەرز وپیرۆزەکانی، ژیان بەو هەموو پانتایە بەر فراوانەی خۆی، ئەرك ومەهام ووەزیفەی شانۆ وشانۆکاران لێرەدا دەردەکەوێ. کەڕۆڵەکەی هەر ئەوەنیە واقیع کت ومت وەك خۆی وێنە بکاتەوە. بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی نوێی هونەری لەهەناویدا دابهێنێ. بەڵکو ئەرکە جەوهەری و سەرەکیەی کە گۆڕینیەتی لەڕێگای نواندن وجوڵەی پڕلە ئاماژەدا، بەدەربڕینی دەستەواژەی بەواتاو پڕمان وەئەبێ‌ئەو تابلۆیانەی لەنمایشە شانۆیەکاندا بەرجەستەی دەکات جیاوازتربن لەو وێنانەی هەمیشە دووبارە دەبنەوە. لەپێشانگای تەنە زیندوەکانی خەڵکدا کەڕۆژانە بەبەردەوامی هەستیان پێ‌دەکات. بەلاّم گۆڕانیان تێدا ڕوونادات. بۆیە جارێکی‌تر خەمی هەرە لەپێشی دەروێشەمانی شانۆ ئەوانەی بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێن ئەوەنیە وەك وێنەگرێکی فۆتۆگرافی کۆپی هەموو وێنەکان بکاتەوە بۆ دەوروبەرەکەی. بەڵکو نیشاندانی ناخی ئەو هەست وهەلوێست وئایدیانەیە کە هونەرمەند بەئاراستە داهێنانە جوانەکانی ڕوح وگیان بەبەر تەنێکی مردووی دەوروبەرەکەیدا دەکاتەوە ئەگەر ئەمەت نەکرد مانای وایە تۆلەچوارچێوەیەکی لە قاڵب دراوی دۆگمای وادای بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانی لەشوێنی خۆت ڕاگیربووی یان ئەوەی تۆ کردوتە تەنهاو تەنها لاسای لاسایی کردۆتەوە. کەئەمەش هەر گەمژەو گەلۆرێك بێتە سەر تەختەی شانۆ دەتوانێ خەڵکی بەگریان وپێکەنین بخات. بەلاّم گرنگ ئەوەیە خەڵکی بکاتە خاوەن هەڵوێست وبڕیارێکی ڕیشەی لەسەر هەست وکۆنەستی ئەو خەڵکە بەجێ‌بهێڵێ.... بۆیە بەشێکی کارە شانۆیەکانمان لەسەرەتایی هەشتایەکان تارادەیەك لەچوارچێوەی تێپەڕاندنی قۆناغی پێش خۆیان دەبینیەوە هۆکارەکەشی ئەوەبوو سەرەتای سەرتایەکی نوێ تربوولەو قۆناغەی پێش خۆی، هەرچەند کاری تەقلیدی واقیعی زۆر تێدابوو. بەلاّم شانۆی ئەو پیاوەی بوو بەسەگ شانۆی شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە شانۆی نالی وخونێکی ئەرخەوانی ئەمانە تەجاوەزی قۆناغی پێش خۆیان کرد وەك فۆرم لەکاری هونەریدان نەك وەك ناوەڕۆکی بابەتە شانۆیەکان.

ئەم هەموو تیپە شانۆی ومۆسیقایانە ئەگەرچی تاکە کەناڵێك هەبوو بۆئەوەی کارئاسانی وکۆمەك وهاوکاری بنوێنێ بۆیان کەئەویش مەڵبەندی لاوان بوو، کەمن پێم وایە پێویستە سوپاسیان کەم وێنە بۆ بەڕێوەبەر وکارمەندانی دەست ڕۆشتوی ئەو سەردەمە. بەتایبەتی مامۆستا فازیل مەجید عوسمان کەوەك بەڕێوەبەری ئەو مەڵبەندە زۆرکات، هەڵوێستی کوردانەی هەبووە لەوەی کەنەیهێشتوە کەبەکرێ گیراوانی ڕژێم لەناو ئەو مەڵبەندەدا لاوانمان دەستگیربکەن، ئەگەرچی کارمەندانی ئەو مەڵبەندە باش دەیانزانی ئەو گەنجانە چەندیان فیرارو چەندیان کۆمەڵە وحسك وشیوعی ولایەنەکانی ترن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێم مەبەستی نەبووە ئەو لاوانە باڵەفرە بکەن وهەڵبێن بۆناو پێشمەرگە... بۆیە من پێم وایە سەکۆی شانۆیەکانمان مەکۆی پڕجۆش وخرۆشی حەماسی ناودڵی کۆمەلاّنی خەڵکی ئەو شارەبوو ڕاستەوخۆ تیشکی دەخستەسەر ئازار ومەینەتی وڕوحی شۆڕشگێڕی لەناو دڵی لاواندا دەچاند وبەئاراستەی نیشتمان پەروەری ونەتەوەیی جۆش دەدران.

شانۆیی(بۆیاخچی)کەبەرهەمی تیپی شانۆی ڕۆشنبیر بوو کەپێشتر ناوی(ئاسۆس) بوو، ئەم تیپە ئەم دەقە شانۆییەی لەبەرواری ١٩٨٦/١١/٢٨نمایش کرد لەنوسینی(ئەمینی میرزا کەریم)دەرهێنانی ئەحمەد ئیبراهیم پوختەی جەوهەری ئەو شانۆییە باسی لەواقیع حاڵ دەکرد لەکوردستاندا بەگشتی وشاری سلێمانی بەتایبەتی. کەچۆن ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بەدرێژای مێژویی ڕژێمە سەرکوت کەرەکانی عێراق چۆن بەئاگر وئاسن کەوتونە ووزەی گیانی ئەو خەڵکەوە ووەچۆن بەڕاپەڕین و ڕوبەڕوبونەوە توانیویانە بەدەیان وسەدان هەزار ڕۆڵەی ئەم خاکە ببنە شەهیدی ڕێگای ڕزگاری ئەم گەلە.. ئەم شانۆییە زۆر بەزەحمەت ڕێگەی پێدراوە بۆنمایش کردن تەنانەت لەسەر ڕەزامەندی ئەو شانۆییە بۆنمایش کردن ئینزاری سوری درایە مەڵبەندی لاوانی ڕانیە کەلەلایەن ئەمینداری گشتی وەرزش ولاوان لەهەولێر ئاراستەیان کردبوو، هەر بەم شانۆییە لەشاری سلێمانی بەشداریمان کرد لەڤیستڤاڵی سالاّنەی قەزایەکان لەسەر ئاستی لاوان بۆ پارێزگای سلێمانی، کەلەهۆڵی ڕۆشنبیر وجەماوەر نمایش کرا کەبەڕاستی جێگای سەرسامی وحەپەسانی ئەو خەڵکانەبوو کەهاتبون بۆسەیر کردنی ئەم شانۆییە وە لەبەرئەوەی زۆر زەق ودروشمی ڕق ودیاری پێوەدیاربوو لەلایەن بەڕێوەبەری لاوانی سلێمانیەوە زۆر بەتوندی ڕخنەیان لەمەڵبەندی لاوانی ڕانیە گرت ،کەچۆن ڕێگایان بەخۆیان داوە بۆئەم شانۆیە و نمایش کرنی لەسلێمانی ولەبۆنەیەکی ئاواشدایەکێك لەوتەکان وبازدانە هونەرەگەورەیەیی لەرانیە داشانۆبەخۆیەوە دیت نمایشکردنی شانۆی (نالی وخەونێکی ئەرخەوانی) بو کە لەنوسینی مامۆستا ئەحمەد سالارو دەرهێنانی ئەمیرحسێن لەبەرواری / / لەهۆڵی مەڵبەندی لاوانی رانیە کەبۆیەکەم جار بوو خەڵك وهۆڵ وشانۆ ئاوە بەو شێوازی نوێە دەست لەملانی یەکتربن کەلە ناوەراستی هۆڵەکە دا بەیەك ڕەشماڵی کوردەواری وچوار دەوری دیوارەکانیش بەچیغ وجاجم و لبادی فۆلکلۆری رازابۆوە ئەکتەرەکانیش لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا لەسەر سەکۆی شانۆی کە بەس. بۆئەم نمایشە ئامادەکرابوو وەجەماوەریش لەسەر تەختەی شانۆ بەچوار دەوری شانۆیەکەدا دەوریان دابوو کەوێنەیەکی جوان سیمایەکی کوردەواریان دابوو بەکەش وهەوای ناو شانۆیەکە. وە ئەکتەرەکانیش نمونەی سەرکەوتوی‌یان نیشان دا کەبۆیەکەم جاربوو لەشێوازێکی ئاوادا کەشانۆی ئاهەنگ ئامێز وپڕ شایی وگۆرانی وبەیت وشیعر